گفتوگۆ



٢-٢

نەجیب مەحفووز بۆ " رەجا ئەلنەقاش" دەدوێت:

# ئەوەی لە خەیاڵی ئەدیبی راستەقینەدا هەیە تەونی شاری پاکە، بۆ ئەوەش دەنووسێت، تا خەونەکەی ببێتە راستی

وەرگێڕانی: شێرزاد هەینی

تۆفیق ئەلحەکیم حەقتر بوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە تەها حوسێن، چونکە ئەدیبی دووەمیان بەرهەمی هونەریی کەمە

# گەردەلوولی خەڵاتی نۆبڵەکە

کەس لە نەوەی ئێمە خەڵاتی نۆبڵی بە خەیاڵدا نەدەهات، کەسیش نەبوو بیر لەوە بکاتەوە لەو ماوەیەدا ئەدیبێکی عەرەب لەو نزیکانە ئەو خەڵاتەی بەرکەوێت، چونکە دیارە کەوا ئەدەبی ئێمە لە بواری رۆمان و شانۆنامە و چیرۆک، دەتوانم بڵێم شیعریش تازەیە. من وام هەست دەکرد ئەو نەوەیە تەنها ئەوەی کردووە چەکەرەی کردووە، بۆیە نووسەرانی ئەو سەردەمە زۆریان ماوە، زۆریان کە چیرۆکیان دەنووسی ناوی خۆیان لەتەک نەدەنووسی، ناوی بێگانەیان لەسەر دەنووسی، ئەوەیان لە خۆیان رانەدەبینی، بەڵام من بەردەوام بە ناوی ئاشکرای خۆمەوە نووسینم بڵاو کردووەتەوە، ئەو ترسە لە سەردەمی جەمال عەبدولناسردا نەما! لەو سەردەمە بڕوابوون بەخۆ پەیدابوو، بەرەو جیهان کرانەوە، هەندێک چوونە دەرەوە و وڵاتانیان بینی، کەسانی وامان لێ پەیدابوو داوای دەکرد ناوی بۆ خەڵاتی نۆبڵیش کاندید بکرێت، بۆیە تیلی چاوێک لە نووسەرانی عەرەبیش درایەوە، توێژینەوەو رەخنە زۆر لەسەر ئەدەبەکەمان نووسرا. بنکەی "سندباد" ی فەرەنسی و "پری کۆنتنت"ی ناسراو دەوریان هەبوو، زۆریان بۆ ناسین و شارەزابوون ئەدەبەکەیان وەرگێڕایە سەر زمانانی بێگانە، ئەو بەرهەمانە بۆ فرۆشتن و بازاڕ نەبوون ..! ئەوە وای کرد سەرنجی لیژنەی ئەدەبی خەڵاتی نۆبڵ راکێشێت، ئەو لیژنەیە بەدوای ناوی دیارو ناسراودا نەدەگەڕا، ئەوان دەیانویست نووسینەکە بە چەندین زمانی زیندووی جیهان هەبێت. هەڵبژاردن و دەستنیشانکردنی کەسەکە بۆ ئەو خەڵاتە لە لایەن زانکۆکانەوە بوو.

حەزدەکەم لێرە ئەوە دەستنیشان بکەم و کەمێ باسی لێوە بکەم، ئەویش جیاوازیی نێوان پێشنیارکردن بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ و کاندیدکردنی بۆ خەڵاتەکە بکەم، ئەو دوو شتە زۆر جیاوازە، دیارە کەوا هەموو کەس هەستی پێ ناکات، ئەو دوو شتە لەیەک جیا ناکاتەوە، بەوەی زۆر باش ئەو مەسەلەیە تیشکی بخرێتە سەرو باس بکرێت.

پێشنیارکردن بۆ خەڵاتی نۆبڵ بەئاشکراو بەئاگەداری و پێشنیاری زانکۆکانەوە دەبێت، بۆ نموونە زانکۆی ئەسکندریە دکتۆر تەها حوسێنی پێشنیار کردبوو، لیژنەی سیاسەتی باڵاش " تۆفیق ئەلحەکیم " ی پێشنیار کردبوو، پاش ئەو پێشنیارکردنە پرس بە چەند پسپۆڕێک دەکرێت، ئەوانیش لەلایەن خۆیانەوە بە راپۆرتێک بۆچوونی خۆیان تۆمار دەکەن، راپۆرتەکەیان پێشکێشی لیژنەی خەڵاتی نۆبڵ دەکەن، لە ساڵانی هەفتاکان بوو



مامۆستایەکی زانکۆیەکی کەنەدی منی بۆ وەرگرتنی ئەو خەڵاتە کاندید کردبوو،

بە نامەیەک ئاگەداری کردمەوە، منیش بە سوپاسەوە وەڵامم دایەوە، دیارە پێشنیارکردن تەنیا ئاوڕدانەوەو بەبیرهێنانەوەیە بۆ بەدواچوونەوە، وا بوو "یوسف ئیدریس" هەڵە لەم شتە گەیشتبوو، ئەو وای زانیبوو ئەو بۆ خەڵاتەکە کاندید کراوە، بەڵام لە راستیدا ئەو تەنیا پێشنیار کرابوو. لە ئاهەنگی رێزگرتنم لەسەر خوانی سەرۆک موبارەک لە نۆڤمبەری ساڵی ١٩٨٨ لە سکرتێری لیژنەی خەڵاتی نۆبل تێ گەیشتم کەوا پەنجا ساڵی تر وردەکاری پاڵاوتنەکەم و ناوی ئەوانەی پێشبڕکێیان لەگەڵ کردووم، یان رکابەرم بوون دەزانرێت، ئەو وردەکارییانە ئاشکرا دەکرێن، دەزانرێت من چەند خاڵم هەبووە، ئەوانی تر، ئەوانەی لەگەڵ مندا کاندید کرابوون چەند خاڵیان هەبووە، ئەوەش لەبەر زۆر شت وا دەبێت، تا ئەدیبەکانی خەڵاتەکەیان بەرنەکەوتووەو کاندیدیش کرابوون نەشکێنەوە،

هەستیان زامدارنەبێت، ناكرێ كارەكانی ئەو لیژنەیە ئاشكرا بكرێت، ناویان نازاندرێت، تا كەس گلەییان ئاراستە نەكات. من چەند جار و چەند ساڵ ناوم هاتبوو، جارێك وتیان ژمارەی ریزبەندی ناوەكەت ژمارە (٣٠)یەمینە، دوایی وتیان ژمارە بۆ ژمارە ١٠ دابەزیوە، بەڵام من بایەخم بەو جۆرە قسانە نەدەدا، زۆریش سەرسام دەبم كە یەكێك لە خۆڕاو بەمەزندە بەناوی ئەندامەكانی لیژنەكە قسان دەكەن، بەناوی ئەوان بڕیارو پێشنیاریش ئاشكرا دەكەن، سەیرە ئەو جۆرە قسانە لە كوێ دەهێنن، زۆرجار لە رۆژنامە و گۆڤارەكاندا ئەو جۆرە قسانە بڵاویش دەكەنەوە، تا جارێكیان لە گۆڤاری "تایم"ی سەنگین و ناوداریش شتی لەو جۆرە بڵاو كرابووەوە، ئەوە سەیرە خوێنەرانیش وا دەزانن گۆڤاری تایم لە ئاسمانەوە دابەزیوە، هەر زوو بڕوایان بە ستوونەكانی دەكرد، بەڵام راستییەكەش ئەو جۆرە هەواڵانە تەنیا بۆچوونی تاكە كەسی تایبەتی بوون، لە گۆشە ئەدەبییەكەی بڵاو دەكرانەوە، وای لێهات رەخنەگرەكان و ئەدیبەكان بە ئارەزووی خۆیان ناویان دەخستەڕوو، لە خۆڕا ناوەكانیشیان دەهێنا، گوایە ئەم ساڵ ئەو ئەدیبە خەڵاتەكەی بەردەكەوێت.!

راستە حەقی خۆیانە، ئەوان و زانكۆكان، كەسایەتییەكان دەتوانن، وەك وتم زانكۆی ئەسكندریە دكتۆر تەها حوسێنی بۆ ئەو خەڵاتە پێشنیار كردبوو، هەروەها ئەدیبی فەرەنسی "ئاندرید جید" ی نووسەری رۆمانی "ساختەچییەكان" و رۆمانی "دەرگە تەسكەكە"، هاوڕێی تەها حوسێن، ئەوی دەستنیشان كردبوو، یان لەو ساڵانەی دوایی لە لایەن لیژنەی سیاسەتی باڵا بە سەرۆكایەتی دكتۆر "فوئاد محێدین" سەرۆك وەزیرانی پێشوو " تۆفیق ئەلحەكیم" یان دەستنیشان كردبوو، نازانم ئەو لیژنەیە ئێستاش ماوە یان تواوەتەوە؟

بە مەزندەی من تۆفیق ئەلحەكیم حەقتر بوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە تەها حوسێن، چونكە ئەدیبی دووەمیان بەرهەمی هونەری كەمە، دیارە كەوا بەرهەمەكانی زۆرتر ئاراستەكراو بوو، بەڵام تۆفیق ئەلحەكیم شاكاری بەرهەمەكانی هونەری ترن، نووسینەكانی باری مرۆڤایەتی جیهانی گرتووەتەوە، بەتایبەتی شاكاری شانۆنامەیی هەیە، بەڵام هەردووكیان بەختیار نەبوون، لە سەردەمی ئەوان كەڵە نووسەری گەورەی جیهانی لە ناو ئەدەبی ئەورووپی هەبوون، بۆیە خەڵاتەكە بەبەر ئەوان نەكەوت، لەو ساڵانەی دواییشدا تۆفیق ئەلحەكیم ئیشی زۆری بۆ وەرگرتنی خەڵاتەكە كرد، هیواشی زۆربوو، وا بزانم دوا

گەشتەکەی بۆ فەرەنسا و نووسینی شانۆنامەی سوڵتانە داماوەکەشی بۆ ئەو خەڵاتە بوو.

**زایۆنیزمی جیهانی لە بری پاڵپشتیکردنی لە ڕێکەوتنی کامپ دیڤیدو ڕێکەوتنی ئاشتی میسر - ئیسرائیل، ئەوانە هۆکار بوون تا ئەو خەڵاتەکە وەرگرێت، دیارە ئەو قسانەش دوورە لە ڕاستی، بەڵگەم هەیە کە مەسەلەکە بەو شێوەیە نەبوو**

## نۆبڵ و زایۆنیزم

نەجیب مەحفووز لە درێژەی دیمانەکەیدا لەگەڵ ڕجا ئەلنقاش سەبارەت بە کاردانەوەکەی لە وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ و هەڵبەستنی پروپاگەندەی جۆراوجۆر بەتایبەتی دەوری زایۆنیزمی جیهانی بۆ دەستنیشانکردن و پالاوتنی ئەو بۆ خەڵاتەکە وتبووی:

بەدرێژایی مێژوو وا بووە، کە خەڵاتی نۆبڵ بە هەر کەسێک ڕەوا بینرابێت، لە بەرامبەری دەنگی ناڕەزاییش هەبووە، گلەیی ناعادیلانەش کراوە، کە "جولدنج" ی ئینگلیزی خەڵاتی نۆبڵی وەرگرتووە، گلەیی و ناڕەزایی هەبووە، ئەو دەمانە وتیان خەڵاتەکە بەحەق دەبووایە درابووایە گرامهام جرین، ئەو لەو لە پێشتربوو ..؟؟

لە ئەڵمانیا وتیان لە هەموویان شیاوتر بۆ خەڵاتی نۆبڵ" گونتر گراس"ە، هەروەها کە "کلود سیمۆن" خەلات کرا، ڕەخنەگرەکان هاتنە زمان و وتیان خەلاتەکە لە "ئالان روب گرێ" زیاتر دەوەشێتەوە و ئەو حەقی هەیە.

**تۆفیق ئەلحەکیم حەقتر بوو بۆ وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ لە تەها حوسێن، چونکە ئەدیبی دووەمیان بەرهەمی هونەری کەمە**

دیارە منیش بەر ئەو هێرش و پرۆپاگەندانە کەوتبووم، بەو لێشاوە پرۆپاگاندانە دڵتەنگ و پەشێو دەبووم، بە قسەکان سەرگران دەبووم، لە سەرووی هەموویانەوە بۆچوونەکانی دکتۆر یوسف ئیدریس بوو، کە لە چەندین دیمانەدا وتبووی، زایۆنیزمی جیهانی لە بری پاڵپشتیکردنی لە ڕێکەوتنی کامپ دیڤیدو ڕێکەوتنی ئاشتی میسر ـ ئیسرائیل، ئەوانە هۆکار بوون تا ئەو خەڵاتەکە وەرگرێت، دیارە ئەو قسانەش

دووره له راستی، بەڵگەم هەیە کە مەسەلەکە بەو شێوەیە نەبوو.

ئەوەی دکتۆر باسیان لێوە دەکات، بە زایۆنیزمی جیهانی ناوی دەبات، رۆشنبیرانی عەرەبی پێ چەواشە دەکەن، ئەوە لە قەبارەی خۆی گەورەتریان کردووە، کەوا دەسەڵاتی زۆریان هەیە، ئەوانە بنکەی فراوانیان هەیە، وا دەزانن کە دەتوانن چارەنووسی دوێنێ و دوارۆژ دیاربکەن، هەر ئەوانەش بوون دوێنێ پلانیان کێشابوو، کە دەتوانن رێڕەوەی کەون بسوڕێنن..!! خۆی لە راستیدا وا نییە، ئەوانە کۆمەڵە جولەکەیەکی زرنگ و دەوڵەمەندن و پرۆپاگەندەی زۆریش بۆ خۆیان دەکەن. خەمی سەرەکی و خەون و بەرنامەیان دروستکردنی وڵاتێکی نەتەوەییە بۆ جولەکە لە فەلەستین، بۆ ئەوەش داوایان لە وڵاتانی بەدەسەڵات کرد کۆمەکیان بکەن، زوو خۆیان گەیاندە کۆشکی سوڵتان، چوونە خزمەتی خەلیفەی عوسمانی، وایانزانی بەو شێوەیە خەونەکە دێتەدی، بەڵام دەستبەتاڵ گەڕانەوە، بەناچاری بایاندایەوە ئەنگلتراو زۆریان پێشکێشی سیاسەتمداران کرد، هەوڵەکەیان پەیمانی بلفۆری لێ کەوتەوە، ئەوان کۆمەک و دەستەوایی زۆریان ویست، تا بناغەی پرۆژەکەیان دامەزرا، ئەو کاتانە خاوەن شکۆ لە بریتانیا دەسەڵات و دەستی زۆری نەبوو، بۆیە ئەوان بۆ سوود و قازانجی خۆیان لە دەروازەیەکی ترەوە چوونە ژوورەوە ئەویش ئەمریکا بوو.

هەڵەن ئەوانەی دەبێژن کەوا سیاسەتی ئەمریکا و بەرژەوەندییەکانی لە بندەستی زایۆنیزمی جیهانە، زۆر هەڵەن ئەوانەی کە نازانن ئەمریکاش تەنها بۆ بەرژەوەندی خۆی بەرنامە و کارکەرە، ئیمڕۆ ئەوان بەرنامەو بەرژەوەندییەکانیان لەگەڵ ئیسرائیل هاوتەریبە، کە بەرژەوەندییان نەما دەست لە ئیسرائیلیش بەردەدەن، لەو دەمانەدا ئیسرائیل بێ پشتیوان دەمێنێتەوە، وەک مدغشقری لێ دێت، کە دەڵێم دنیاو ئەمریکا تەنیا بەرژەوەندییە وایە، سەیرە ئەمریکا هەرگیز لەگەڵ عەرەب نەبووە، بەڵام لە شەڕی کەنداو بە هەموو هێزێکەوە هاوشانی شانشینی سعودیەو کوێت راوەستا، ئەوەشیان بە دڵی ئیسرائیل نەبوو، بەڵام ئەمریکا ئەوەی کرد، چونکە ئەمریکا بەرژەوەندی خۆی لەسەرووی هەموو شتێکەوە دەبینێت.

با بڵێین زایۆنیزم کار دەکاتە سەر سیاسەتی ئەمریکا، خۆ کار ناکاتە سەر وڵاتێکی وەک سوید، دیارە کەوا سویدیش هیچ بەرژەوەندیی لەوەدا نییە ئەدیبێکی عەرەب خەڵاتی نۆبڵی بداتێ، ئاشکرایە ئەو وڵاتە سەربەخۆو دیموکراسخوازە، باشە کێ ئەو قسەیە لە دکتۆر

دەکرێت، با هەر بڵێت زایۆنیزم کۆششی کردووە، تا ئەدیبێکی وەک من نۆبڵ وەرگرێت، ئەوان هەر حەز ناکەن عەرەبێک خەڵات بکرێت، ئامادەش نین بۆ کەسێکی عەرەب ئەوە بکەن، ناخوازن منی عەرەب ناودارببم، کار بۆ ئەوە دەکەن کەسێکی خۆیان خەڵات بکرێت. ئەگەر بە پارەو چاوپۆشی زایۆنیزم بێت، ئەوە ئەوان ئەوەیان دەکرد تا من خەڵات نەکرێم، دەیانتوانی بەو پارەیە وا لە لیژنەکە بکەن ناوەکە بگۆڕێت، لەبەرئەوەی نۆبڵ لقی زۆرە، خەڵاتی ئاشتی هەیە، ئەگەر کاری ئەوان بووایە ئاشتییەکەیان بۆ من بە رەوا دەبینی، دیارە هەر من نیم پشتوانی ئاشتیم کردووە، ئەوە تۆفیق ئەلحەکیم و ئەدۆنیس، ئەوانە زۆرتر لە من لەگەڵ ئاشتی بوون، ئەوانیش ئاشتییان لەگەڵ ئیسرائیل لا باش بووە.

**تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات، بە چاوێکی رەخنەگرانە و ئەدەبییانە پەیامی تووڕەبوون دژی بە دیاردە خراپ و خوارەکان دەکات**

هەندێ بۆچوون و قسەی ناشیرینتریش دەرحەق بە من کراوە، گوایە من خەڵاتەکەم وەرگرتووە، چونکە من دژی کۆمەڵگەی عەرەبی و ئیسلامیم نووسیوە، ئەوان نووسینەکانی منیان وەک بەڵگەنامە سەیر کردووە، نەک وەک دەقێکی ئەدەبی..!

**ئەوەی لە خەیاڵی ئەدیبی راستەقینەدا هەیە تەونی شاری پاکە، بۆ ئەوەش دەنووسێت، تا خەونەکەی ببێتە راستی**

ئاشکرایە رۆمانەکانی تشارلز دیکنزی سەدەی رابردوو، رەخنەی توندی لە کۆمەڵگەی ئینگلیزی گرتبوو، دیستۆفسکی رەخنەی توندی لە کۆمەڵگەی رووسی گرتبوو، لە ئەدەبی ئەمریکیش نموونەی وا زۆرن هەر وابووە، جاران و ئێستاش هەروایە، دیارە کەوا ئەدەب تەماشای دەوروبەری خۆی دەکات، بە چاوێکی رەخنەگرانە و ئەدەبییانە پەیامی تووڕەبوون دژی بە دیاردە خراپ و خوارەکان دەکات، ئەدەب هەر نیگا بووە بۆ رۆشنکردنی کۆمەڵگە و دابینکردنی

کۆمەڵگەیەکی یەکسان و پێشکەوتوو.

ئەوەی لە خەیاڵی ئەدیبی راستەقینەدا هەیە تەونی شاری پاکە، بۆ ئەوەش دەنووسێت، تا خەونەکەی ببێتە راستی، ئەوەی من نووسیومە لەو روانگەیەوە بوو، بۆیەش ئەو رەخنانەی لە من گیراون هەموویان بناغەیان بۆش بوو، هەمووشیان رەت دەکرێنەوە.

ئەدی ئیسلامییە توندڕەوەکان چما هێرشی ناکەنە سەر؟؟

ئیسلامییەکان سوورن لەسەر ئەوەی رۆمانی "اولاد حارتنا" هێرشێکی رووتە بۆ سەر ئاینەکەیان، بەتایبەتی ئاینی ئیسلام، ئەوەش خۆرئاواییەکان دڵخۆش دەکات، هەر ئەوەش بوو منی بەرەو وەرگرتنی خەڵاتی نۆبڵ برد، بەڵام من ئەوەیان بە راستی نازانم چونکە:

یەکەم: رەخنەی مەوزووعی ئەوە دەردەخات، کەوا من لە دوورو نزیکەوە هێرشم نەکردووەتە سەر ئاین ..!

دووەم: خۆرئاواییەکان، تا ئیمڕۆش دیندارن، خۆیان بە ئاینەوە گرێ داوە.

سێیەم: خۆرئاواییەکان، بەرژەوەندییان لەگەڵ جیهانی عەرەبی و ئیسلامی پتەوە، دیارە بۆیەش نەیاندەخواست گۆمەکە بشلەقێنن.

چوارەم: من خەڵاتەکەم لەبەر ئەو رۆمانە وەرنەگرتووە، لە ژێر ناوی نووسینەکانمدا دیارە، کەوا من لەبەر " ثلاثیە " هکەم وەرمگرتووە، دیارە کەوا ئەو بەرهەمەم زۆر دوورە لە ئاین.

رەخنە و هێرشەکان تەنیا لەلایەن ئەدیبە میسرییەکان نەبووە، بەڵکو میسرییەکان و عەرەب دەڵێن بۆ ئەو خەڵات کراوە، نووسەری تری عەرەبمان زۆرە شایستەی ئەو خەڵاتەن، بۆ نەجیب مەحفووز خەڵاتەکەی وەرگرت؟

من لە وەڵامی ئەوانە دەڵێم ئەدیبە مسرییەکان بناغەی رۆمانی عەرەبییان داڕشتووە، هەر ئەوانیش حەقیان هەیە، دیارە کەوا من ئەو قسەیە لەسەر بنچینەیەکی ناوچەگەریی تەسکەوە دەرنابڕم.

من لەو رەخنانەی ئاراستەم کراون، یەکیان بەڕەواو راست دەزانم، کە دەڵێن خەڵاتی نۆبڵ لە بواری ئەدەب، درابووایە شیعر نەک رۆمان، ئەوەیان راستە، چونکە شیعری عەرەبی، دیوانی عەرەبی کۆنە و لە رۆمان کۆنترە، لە رۆمان لەلای عەرەب رەسەنترە، دیارە

ئەوەش لەبەر ئەوەیە کە نموونەی شیعری عەرەبی هێشتا وەرنەگێڕدراوەتە سەر زمانانی ئەوروپی، ئێستاش سەردەمی شیعر لاوازە! باری شیعر لەو ڕۆژانەدا زۆر لەبار نییە، ئەوەش مانای ئەوە نییە پەخشانیش وەک شیعر نەنووسراوە، دیارە پەخشانی بەرزو لووتکەش نووسراوە، دیارە نووسینەکانی جاحز و ئەبوحەیانی تەوحیدی لووتکەی بەرزی پەخشانن لە ئەدەبی عەرەبیدا.

چەند دێڕێک لە ژیانی نەجیب مەحفووز

نەجیب مەحفووز لە ساڵی ١٩٣٠ لە زانکۆ وەرگیراوە، لیسانسی لە فەلسەفە وەرگرتووە، لە گۆڤاری "الرسالة" کورتە چیرۆکی بڵاو کردووەتەوە، سەلامە موسا یەکێک بووە لە مامۆستاکانی، لە نێوان فەلسەفە و ئەدەب گیری خواردووە، یەکەم ڕۆمانی بە ناوی " عبث الاقدار " بڵاو کردووەتەوە، یەکەم کۆمەڵە چیرۆکی بە ناوی " همس الجنون ". بڵاو کردووەتەوە، لە (٣٠)ی ئۆگستسی ٢٠٠٦ کۆچی دوایی کردووە.

ڕۆمانە بڵاوکراوەکانی:

- عبث الاقدار ١٩٣٩، رادویس ١٩٤٣، کفاح طیبة ١٩٤٤، خان الخلیلي ١٩٤٥، القاهرة الجدیدة ١٩٤٦،
- زقاق المداق ١٩٤٦ کراوە بە فیلم، شادیەو سەلاح قابیل ڕۆلیان تێدا گێڕاوە،
- السراب ١٩٤٩ کراوە بە فیلم، ماجدە و نور شریف و روشدی ئەبازە ڕۆلیان تێدا گێڕاوە،
- بدایة ونهایة ١٩٥١ کراوە بە فیلم، عومەر شریف و فەرید شوقی ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە،
- ثلاثیة القاهرة کراوە بە شانۆنامە، محموود مورسی ڕۆڵی تێدا گێڕاوە،
- بین القصرین ١٩٥٦، لەلایەن حەسەن ئەلئیمام کراوە بە فیلم، یەحیا شاهین و ئامال زایدو عەبدولنعم ئیبراهیم ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە،
- قصر الشوق ١٩٥٧، لەلایەن حەسەن ئەلئیمام کراوە بە فیلم، یەحیا شاهین و ئامال زایدو عەبدولنعم ئیبراهیم ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە.
- السکریة لەلایەن حەسەن ئەلئیمام کراوە بە فیلم، یحیا شاهین و ئامال زایدو عەبدولنعم ئیبراهیم ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە،
- اولاد حارتنا ١٩٥٩، بۆ ڕەزامەندی چاپکردنی، نووسراوی ئەزهەریان داوا کردبوو،
- اللص و الکلب١٩٦١، کراوە بە فیلم، شوکری سەرحان و شادیە ڕۆڵیان تێدا گێڕاوە،

– السمان و الخريف ١٩٦٢ كرا به فيلم، ناديه لوتفى و محموود مورسى رۆڵيان تێدا بينيوه،
– الطريق ١٩٦٤ كرا به فيلم، شاديه و روشدى ئه‌بازه و سوعاد حوسنى رۆڵيان تێدا گێڕاوه،
– الشحاذ ١٩٦٥،
– ثرثرة فوق النيل ١٩٦٦، كرا به فيلم، عماد حه‌مدى و عادل ئه‌دهه‌م و ماجده خه‌تيب، رۆڵيان تێدا گێڕاوه،
– ميرامار ١٩٦٧ كراوه به فيلم، شاديه و يوسف شه‌عبان و عيماد حه‌مدى رۆڵيان تێدا گێڕاوه،
– المرايا ١٩٧١، الحب تحت المطر ١٩٧٣،
– الكرنك ١٩٧٤ كراوه به فيلم، سوعاد حوسنى و نور شريف رۆڵيان تێدا گێڕاوه،
– حكايات حارتنا ١٩٧٥، قلب الليل ١٩٧٥،
– حجرة المحترم ١٩٧٥ كراوه به زه‌نجيره‌يه‌كى ته‌له‌ڤزيۆنى، ئه‌شره‌ف عه‌بدولباقى رۆڵى تێدا گێڕاوه،
– ملحمة الحرافيش ١٩٧٧ كراوه به شانۆگه‌رى، نور شريف و ئيلهام شاهين و هشام سه‌ليم رۆڵيان تێدا گێڕاوه،
– عصر الحب ١٩٨٠، افراح القبة ١٩٨١، ليالي الف ليلة وليلة ١٩٨٢، الباقي من الزمن ساعة ١٩٨٢، امام العرش ١٩٨٣، رحلة ابن بطوطة ١٩٨٣، التنظيم السري ١٩٨٤، العائش في الحقيقة ١٩٨٥، يوم مقتل الزعيم ١٩٨٥،
– حديث الصباح و المساء ١٩٨٧، كراوه به زه‌نجيره‌ى ته‌له‌ڤزيۆنى، له‌يلا عه‌لوى رۆڵى سه‌ره‌كيى تێدا بينيوه،
– صباح الورد ١٩٨٧،
– قشتمر ١٩٨٨ كراوه به زه‌نجيره‌ى ته‌له‌ڤزيۆنى. بێجگه له‌و رۆمانانه نه‌جيب مه‌حفووز ئه‌و كۆمه‌ڵه چيرۆكانه‌شى نووسيوه:
– همس الجنون ١٩٤٨، دنيا الله ١٩٦٣، بيت سيء السمعة ١٩٦٥، خمارة القط الاسود ١٩٦٩، تحت المظلة ١٩٦٩، حكاية بلا بداية و نهاية ١٩٧١، شهر العسل ١٩٧١، الجريمة ١٩٧٣،
– الحب فوق هضبة الهرم ١٩٧٩، كراوه به فيلم، ئه‌حمه‌د زه‌كى و ئاثار ئه‌لحه‌كيم رۆڵيان تێدا گێڕاوه، الشيطان يعظ ١٩٧٩، رايت فيما يرى النائم ١٩٨٢، الفجر الكاذب ,١٩٨٨.

سه‌رچاوه:

له رۆژنامه‌ى الشرق الاوسط ٢٥ و ٢٨/٠٥/ ١٩٩٨ بڵاو كراوه‌ته‌وه.